# تۆ... تۆ کێیت؟!

نووسینی : کەریم بەشیر
وەرگێڕانی : سەروەر حەسەن عەلی

–لەشەمەندەفەری مەرگدا بووین

–بەڵام ئەمجارەیان شەمەندەفەرەکەمان لەجێگای نادیاری کەسنەزاندا وەستاوە

کەسێتیەکان:

یەکەم، دووەم: دوو لاو لەتەمەنی بیستەکانی تەمەنیاندا بەپۆشاکی کۆن‌و دڕاوەوە، روخسارێکی ماندو، ترساو لێکچوو.

کات:ساڵی (١٩٩١)

شوێن: زەویی رووتەن[1]

(زەویەکی رووتەن‌و تەخت، تەنها دوو بەرزیی لەخۆڵ دروستکراو هەیە)

یەکەم:(لەپشت یەکێك لەبەستە خۆڵەکانەوە سەر بەرزدەکاتەوە، بەدەوری خۆیدا سەریدەسوڕێنێت‌و لەبەرخۆیەوە پرسیار دەکات...) ئاخۆ ئێستا من لەکوێم؟

دەنگی دووەم: (وەڵام) لەسەر زەوی

یەکەم:(خێرا خۆی دەشارێتەوە، پاش ماوەیەك بەسڵەمینەوەیەکی زۆرەوە دووبارە سەری بەرزدەکاتەوە، بەدووی سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕێت... پاشان...) هێی... تۆ کێیت؟

دووەم:(لەپشت بەستی دووەمەوە سەری بەرزدەکاتەوە...) من کێم؟... یان تۆ کێیت؟

یەکەم :(بۆ دووەم، دوای ئەوەی جێگەکەی بەتەواوی دەرکەوت) من بەتۆم وت تۆ کێیت؟

دووەم: بۆچی تۆ یەکەمجار پێم ناڵێیت تۆ کێیت؟

یەکەم: (لەپشت بەستەکەیەوە بەهەڵچوونێکی دیارەوە دێتە دەرەوە و چەند هەنگاوێك بەرەو دووەم دەبڕێت) لەبەرئەوەی سەرەتا من پرسیارم کرد نەك تۆ.

دووەم:(لەجێگاکەی دێتە دەرەوەو بەهەمان هەڵچوونەوە دەچێتە پێشەوە لەیەکەم) بەچ هەقێك پرسیار دەکەیت؟

یەکەم:بەهەق بێت، یان ناهەق دەبێت هەر بزانم تۆ کێیت، دەنا کەللەت وردوخاش دەکەم.

دووەم:نەخێر، من ئەگەر نەزانم تۆ کێیت، کەللەت وردو خاش دەکەم.

یەکەم:تاقی بکەرەوە پاشان دەبینیت

(هێرش دەکەنە سەریەکترو هەریەکەیان یەخەی ئەوی تریان دەگرێت)

دووەم:پێم بڵێ تۆ کێیت؟

یەکەم: تۆ بڵێ، تۆ کێیت؟

دووەم: (هێشتا هەریەکتریان گرتووە) نەفرەت بێ، تا ئەبەد بەمشێوەیە دەمێنینەوە؟

یەکەم:ئەگەر هەر سووربیت لەسەرئەوەی یەکەمجار باسی خۆت نەکەیت

دووەم:ئەی بۆچی تۆ دەستپێشخەر نابێت؟

یەکەم: چۆن دەبێت، لەگەڵ ئەوەش سەرەتا من پرسیارم لێکردوویت، هەروەك پێشتر پێمگوتیت.

دووەم:باشە، بەڵام بۆ دەپرسیت؟

یەکەم:بۆ ئەوەی دڵنیابم

دووەم:لەچی؟

یەکەم:لەوەی تۆ یەکێك نیت لەوان.

دووەم:یەکێك لەوان؟ ئەوان کێن؟

یەکەم: هاوڕێیانی ئەو نەعلەتیەی بەپەنجە نیوە براوەکەی ئاماژەی بۆ دەکردین‌و تەنها یەك وشەی دووپاتدەکردەوە، ئەویش دەیگوت...

دووەم:(قسەکانی پێدەبڕێت‌و تەواویدەکات... دەستی لەیەخەی یەکەم بەرداوە) لەسێدارەدان.

یەکەم:(بەسەرسوڕمانەوە) ئەویش دەستی لەیەخەی بەرداوە) ئەوەت چۆن زانی؟

دووەم:(وەك دۆڕاوێك... لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەیەکەم..) ئەمە جێگای باوەڕ پێکردن نییە.

یەکەم:چی جێگای باوەڕ پێکردن نییە؟

دووەم:(دەگەڕێتەوە بۆ لای یەکەم...) ئەوەی تۆ لەبارەیەوە دەدوێی، رێکەوتێکی چەند سەیرە!

یەکەم:کام رێکەوتەو کام سەیرە، تێناگەم باسی چی

دەکەیت.

دووەم:ئایا پەنجەکانی ئیوە براو بوونو تەنها ئەو وشەیەشی دووبارە دەکردەوە؟

یەکەم:کێ؟

دووەم:ئەوەی لەوێ ئاماژەی بۆ ئێمە دەکرد هەر وابوو، پەنجەکانی کۆڵ بوون و تەنها وشەی لەسێدارەدانی دووپاتدەکردەوە.

یەکەم:(بەسەرسوڕمانەوە... پاشان...) ئەوە چییە؟! مەبەستت ئەوەیە بۆ لەوێ بوویت؟ .. نا...نا.. ئەمە جێگای باوەڕپێکردن نییە، (لەپڕ هێرشدەکاتە سەری) نەفرەت لێکراوە، دەتکوژم، یان دەتەوێ قسەم لێدەربێنی بۆئەوەی جارێکی تر بمگەڕێنیتەوە بۆ ئەوێ؟

دووەم:من؟

یەکەم:بەڵا تۆ، چۆن بانگەشەی ئەوە دەکەیت، کەگوایە تۆ لەوێ بوویت، لەکاتێکدا تەنها بۆ بەزیندوویەتی لەوێ دەرچووم؟

دووەم:من یان تۆ دەتەوێ قسەم قسەم لێدەربێنی؟! ئەوە تەنها منم بەموعجیزە رزگاربووم، باوەڕناکەم جگە لەمن کەس بەزیندوویی لەوێ رزگاری بووبێت.

یەکەم: تۆ وا دەزانی بێ ئەقڵم، خۆم بەدرۆزنو تۆ بەڕاست بزانم؟

دووەم:تۆ گومانت چییە دەربارەی من؟

یەکەم:(دیسانەوە یەخەی دووەم دەگرێتەوە) دەپێمبڵا تۆ کێیت ئەگینا دەتکوژم.

دووەم:(ئەمیش دیسان یەخەی یەکەم دەگرێت) ئەوە تۆیت ئەو قسەیە دەکەیت.

یەکەم:(دەستی بەرزدەکاتەوە زللە لەدووەم بدات، بەڵام دەستی وشك دەبێت کاتێك لەروخساری وردە دەبێتەوە... هەنگاوێك دەچێتە دواوە) ئەوە چییە؟

دووەم:چی؟

یەکەم:رووخسارت.

دووەم:چیەتی؟

یەکەم:وەك.. وەك روخساری من وایە.

دووەم:(وەك ئەوەی بۆ یەکەمجار روخساری یەکەم ببینێت..) خوایە گیان ئەوە چییە؟! بەتەواوی ئەوە روخساری منە..

(لەیەکتر دووردەکەونەوەو هەریەکەیان بەسەرسامیەوە لەروخساری ئەوی دیکە ورد دەبێتەوە.. یەکەم پێدەکەنێت) بۆچی پێدەکەنیت؟

یەکەم:رەنگە یەکێکمان خەوببینێت..

دووەم:رەنگە... (لێی دەچێتە پێشەوەو دەستی لێدەدات) بەڵام تۆ راستیەکی لەبەردەممدا نەك وەهم.

یەکەم:کەواتە... رەنگە...(بیرێك بەخەیاڵیدا دیتو خێرا جێبەجێیدەکاتو لەدووەم دەدات)

دووەم:ئەوە چییە؟ بۆچی لێم دەدەیت؟

یەکەم:بۆ ئەوەی دڵنیابم لەوە کەتۆ ئاوێنە نیت وێنەکەی من بدەیتەوە، روخسارو شێوەتو تەنانەت جلوبەرگیشت وەك جلوبەرگی من وایە.

دووەم:راستدەکەیت، لەوانەیە تۆ ئەو ئاوێنەیە بیت وێنەی من بداتەوە، رێ بدە منیش دڵنیابم(لەیەکەم دەدات)

یەکەم:نەفرەتت لێبێت ئازارت دام(دووەم پێدەکەنێ) تۆیش پێدەکەنێ؟

دووەم:بەراستی جێگای پێکەنینە، وا گومان دەبەین لەم بیابانەدا ئاوێنەیەك هەیەو وێنەیەکانمان دەداتەوە

یەکەم:بەڵام تۆ نابینی ئەوەی زیاتر جێگای پێکەنینو سەرسامیە ئەوەیە، تەنها کەسێك کەلەو بیابانەدا چاوت پێیدەکەوێت لەتۆ دەچێت؟

دووەم: (لەپێکەنین وەستاوە... بیردەکاتەوە) راستە، ئەوە چۆن دەبێت؟

یەکەم: (ئەویش بیردەکاتەوە) گوێ بگرە... رەنگە لێکچوونمان بەهۆی ترسانمانەوە بێت

دووەم: بەپێچەوانەوە، ترس واناکات لەیەك بچین، بەڵکو وامانلێدەکات وێنەی هۆکارە ترسبەخشەکان لەهەموو شتەکاندا ببینین، تەنانەت لەسێبەرەکانیشماندا.

یەکەم:راستە، سێبەری ئەو بەردەوام بەدرێژایی ئەو ماوەیە تاگەیشتمە ئێرە بەدوامەوە بوو.

دووەم:ئەی ئێستا؟

یەکەم:چی؟

دووەم:ترست لەمن ماوە؟

یەکەم:بەتەواوی نەخێر، تائێستاش نانتاسم... ئەی تۆ؟

دووەم:بەلای منەوە، لەدوای ئەوەی لێکچوونم لەنێوانماندا بینیەوە وردە وردە ترسەکەم دەڕەوێتەوە، رەنگە بەتەواویش هەر نەمێنێت.

یەکەم بەڵام هێشتا یەکتریمان نەناسیوە.

دووەم: ئەی چارەسەر؟

یەکەم:چارە نییە، مادام کەسمان لەقسەمان دانا بەزین باسی خۆمان بکەین، لەم بارەشدا پێویستە هەریەکەمان بگەڕێینەوە جێگاکانمان، تاکو شەو دێتو هەریەکە درێژە بەرێگەی خۆی دەدات، لەجیاتی ئەوەی بەمشێوەیە بمێنینەوە پرسیارو دەمەقاڵێ بکەین، لەوانەیە یەکێکیشمان ئەوی تر بکوژێت.

دووەم: راستە، بەڵام.. بەڵام بیرت چوو کەلەمن دەچێت؟

یەکەم بەڵام ئەوە مانای چییە ئەگەر سێبەرەکەشم بیت، من گومان دەکەم، تەنانەت سێبەرەکانیشمانیان کردبێتە سیخوڕ بەسەرمانەوە، بۆیە بەتاریکی ئارام بووم، چونکە تیایدا سێبەرەکەم نابینم.

دووەم:سەیرە بەلامەوە براکەم.

یەکەم:چی؟

دووەم:تەنانەت لەمەشدا وەك من وایت، هەرچەند گومانم لەسێبەرەکەم هەبوو، کاتانێکی زۆرم بەسەربرد بەدوای پلانێکدا دەگەڕام بۆ رزگاربوونی مرۆڤ لەسێبەرەکەی، لەگەڵ ئەوەی هەژارو لاشەریشە.

یەکەم: (بەهەڵچوونەوە) سێبەر هەژار نییە هەرچەند لەوانیش دەچێت، یان ئەوان لەبری ئەو بوون، ئێمە کەلەکاتەکانی دیکەدا بووین، ئاگاداری نەدەبووین‌و بەدەگمەنیش نەبووایە هەستمان بەبوونی نەدەکرد... ئێستا دەی (بەرەو بەستە خۆڵیەکەی یەکەم دەڕوات) با هەریەکەمان بگەڕێینەوە بۆ جێگاکەی خۆمان، مالئاوا.

دووەم:هێشتا هەر لەسەر دوورکەوتنەوەو گەڕانەوە بۆ جێگاکەت پێداگریت؟

یەکەم:ئەمە باشترە لەوەی لەگەڵ کەسێك بدوێیت کەنایناسی.

دووەم: (بەرەو رووی دەڕوات) بەڵام نابینی لەقسەکردنمان لەگەڵ یەکتریدا تێپەڕاندنی کات هەیەو ئەمەش یارمەتیمان دەدات لەدورخستنەوەی هەستی ترس لێمان، پاشان ئەگەر راستت دەوێت، من لەتۆ دڵنیا بووم، گەرچی بەم یەکتر نەناسینەشەوە بمێنینەوە.

یەکەم: (بڕیارەکەی راستدەکاتەوە... بەشێوازێکی دوو دڵیانە..) بەڵام رەنگە مەبەستێکی ترت هەبێت.

دووەم: تکایە واز لەم وەسوەسانە بهێنە، باپێکەوە بمێنینەوە، دڵنیابە دەگەینە چارەسەرێك کێ دەزانێ؟ لەوانەیە شپرزەیی‌و رووکەشیەك لەمەسەلەکەدا هەبێت ئەوە وامان لێبکات گومان لەیەکتر بکەین؟!

یەکەم:رەنگە.. رەنگە، با بیربکەینەوە...

دووەم: بەهەمان شێوەیە(بیردەکەنەوە).

یەکەم:نابینی. پێدەچێ لەدوو جێگادا بووبین نەك تاکە جێگایەك، کابرا پەنجە کۆلەکەش یەك کەسە بووە.

دووەم: ئەوە ئەگەرێکە دەبێت وابێت، لەوانەشە لەیەك جێگادا بووبین‌و بەهۆی قەرەباڵغی‌و ترسەوە یەکترمان نەبینیبێت.

یەکەم: رەنگە...

دووەم: (پێدەکەنێت) وە رەنگە...

یەکەم: بەچی پێدەکەنی؟

دووەم: (تەواوی دەکات) هەردووکمان یەك کەس بین‌و ئەو کەسە لەگەڵ خۆی قسەبکات.

یەکەم: (ئەویش پێدەکەنێت) ها! ... لەوانەیە... بەڵام ئەمە ڕێی تێناچێت.

دووەم:گوێ بگرە، بیرێکم بۆ هات.

یەکەم: چییە؟

دووەم: رات چۆنە لەجیاتی ئەوەی لەبارەی خۆمانەوە بدوێین هەریەکەمان دەربارەی ئەو جێگایە بدوێت کەلێی بووە؟

یەکەم:بیرێکی جوانە..

دووەم: کەواتە پێم بڵێ... لەکوێ بوویت؟

یەکەم: نازانم، من ؟!

دووەم: چۆن؟

یەکەم: ئەو جێگایەی منی لێی بووم کەس نەیدەزانی خواو ئەوان نەبێت.

دووەم: (پێدەکەنێت) من ئەو جێگایە دەزانم.

یەکەم: (بەگومانەوە) تۆ خوایت؟

دووەم: نەخێر.

یەکەم: کەواتە تۆ یەکێکیت لەوان.

دووەم: گەڕاینەوە بۆ سەرەتا؟

یەکەم: (بەرەو بەستە خوڵینەکەی روو وەردەگێڕێت) من بڕیارەکەی پێشووم جێبەجێدەکەم‌و لێت دووردەکەومەوە، تۆ کەسێکی گوماناویت مرۆڤ دەخەیتە گومانەوە.

دووەم: ئەوە چییە؟ مەسەلەکە بەو شێوەیە گران نییە وەك ئەوەی تۆ وێنای دەکەیت، ئەگەر مەزەندەی ئاراستەکە بکەیت‌و ئەو دووریە بخەملێنیت کە ئۆتۆمبێلەکەیان بڕی تا تۆیان گەیاند.

یەکەم: (بەوەستاوەیی) **ها ها؟!**

دووەم: دەزانم دەلێیت پەشۆکاو دوو دڵ بوویت، منیش وەك حالەتی تۆ بووم، بەڵام من هەوڵمدا خۆ سەرقاڵ بکەم بە شتێکی ترەوە ئەویش خەملاندنی ئاراستەی دووریی بوو لەپێناو زالبوون بەسەر ئۆخی پەشێوی‌و دڵەڕاوکێدا.

یەکەم: منیش هەر ئەو کارەمکرد، بەڵام تائێستاش ئەو جێگایەم بەدروستی دیاری نەکردووە کەتیایدا بووین.

دووەم: منیش بەهەمان شێوە...

یەکەم: بەڵام تۆ کەمێك پێش ئێستا گوتت ئەو جێگایە دەزانیت کەتێیدا بوویت.

دووەم: راستە، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی گومانەکەم راست بێت، ئەو شارەی دەیگەینێ هەر ئەو شارە بێت کەلەزەینمدایە، بەوەش بەتەواوی جێگاکەم زانیوە.

یەکەم: واتە تائێستاش دڵنیانیت لەزانینی جێگاکە.

دووەم: دەتوانیت وابلێیت، ئێستا...

یەکەم: ئێستا چی؟!

دووەم: دەبێت لەبارەی جێگاکەوە بدوێین، با شوێنەکەی واز لێبهێنین.

یەکەم: چۆن؟

دووەم: مەبەستت چییە دەڵێی چۆن؟

یەکەم: مەبەستم ئەوەیە کێ یەکەمجار دەستپێدەکات؟

دووەم: ئەمجارە جیاوازە، پێکەوە دەست بەقسەکردن

دەکەین.

یەکەم: تێناگەم

دووەم: ئاسانە، من رستەیەك دەڵێمو تۆش رستەیەك دەڵێیت، بەوەش هەردووکمان پێکەوە قسەمانکردووەو هەریەکەشمان وتەی ئەوی تر تەواو دەکات... بۆئەوەی زیاتر دەڵنیابیتو دوو دڵ نەبێت سەرەتا لەمنەوە دەستپێدەکات، ها... رات چۆنە، رازیت؟

یەکەم: ئەگەر وایە، باشێستا دەست پێبکەین.

دووەم: تاوانباربووم..

یەکەم: منیش هەر تاوانبار بووم

دووەم: بەڵام بەچی... تاوانەکەم چییە؟ ئەوەم نەدەزانی.

یەکەم: منیش هەموو ئەوەی دەیزانم شەوێك هاتن، ماڵەکەیان ئابلوقەدا.

دووەم: تەنها بەماڵەکەشەوە نەوەستان، ئابڵوقەی هەموو گەڕەکەکەیانداو بەچەکو پۆستاڵە قورسەکانیانەوە بەرزاییەکانیان گرتبوو.

یەکەم: کاتێ دایکم بینینی یەکسەر لەهۆش خۆی چوو.

دووەم: دایکت؟! تەمەنی چەندە؟

یەکەم: واز لەو پرسیارە لێکۆڵینەوەییانە بهێنە.

دووەم: پرسیاری لێکۆڵینەوەیی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانم ئەوە دایکم نییە، دایکیشم کاتێ ئەوانی بینی لەهۆش خۆی چوو.

یەکەم: لەپەنجاکانی تەمەنیدا.

دووەم: سەیرە... ئەوە تەمەنی دایکیشمە.

یەکەم: بۆم وەسف بکە.

دووەم: کێ ... دایکم؟

یەکەم: ئەی وتم پورت؟!

دووەم: باش (هەوڵدەدات وەسفی دایکی بکات...) ئەو ...ئاخ.. ئەوە چییە؟ ناتوانم، بیرم ماندووەو هەموو شتەکان شێواون... نەفرەت بێت، ئاه... لەکاتی ئەشکەنجەداناو لەژێر قامچیەکاندا هاوارمدەکرد، یەکێکیان بەپێکەنینەوە گوتی"دایکتت بیر دەبەینەوە. بەتەواوی سەرکەوتوو بوون، ئەوەتا روخساری دایکم بیرناکەوێتەوە... (بۆیەکەم) تۆ لەبری من وەسفی بکە.

یەکەم: کێ...دایکت؟

دووەم: نا دایکی خۆت..

یەکەم: دایکم ...(هەوڵدەدات وەسفی دایکی بکات ئەویش ناتوانێت)..ئەو..ئەو..ئاخ ..نەفرەت بێت..

دووەم: چیتە؟

یەکەم: منیش روخساریم بیرچووەتەوە، هەر ئەو قسەیەشیان بەمن گوت، وابزانم سەرکەوتوو بوون.

دووەم: باشێستا واز لەدایکمان بێنینو بەردەوام بین لەوەی دەستمانپێکرد.

یەکەم: بەدەیمانمانیان بۆ ئەوێ کێش کرد.

دووەم: بەسەدان.

یەکەم: بەڵکو بەهەزاران.

دووەم: بەقۆناغە تفەنگەکانیان لێیان دەدایین، بەقامچیو پۆستاڵە بزماراویو ئاسنیەکانیان پیایاندا دەکێشاین.

یەکەم: جێگاکە تەسك بوو.

دووەم: چارەکی ئەو ژمارەیەشی نەدەگرت کەترنجاندبوویانە ئەوێ.

یەکەم: لەوێدا تابلۆیەکی گەورە هەبوو، لەسەرەتادا ئاگادارییبوونی نەبووین کەبەدیوارەکەوە چەسپێنرابوو

دووەم: بەهۆی زۆریی ژمارەمانەوە جوڵاو بەسەرماندا کەوتە خوارەوە.

یەکەم: لەیادمە، وەك شێت کەوتن وێزەمان

دووەم: بەخستنە خوارەوەی تابلۆکە تاوانباریان کردین.

یەکەم: بۆ رزگاربوون لەقامچیو قۆناغە تفەنگە یەکلەدواییەکەکانیان هیچ چارەیەکمان نەبوو تەنها خۆپارێزی نەبێت بەتابلۆکە خۆی.

دووەم: هیچکامیان بەتابلۆکەیاندا نەدەکێشا، تەنها لەئێمەیان دەدا کەلەژێریدا بووین

یەکەم: تابلۆکەیان گێڕایەوە بۆ دیوارەکە..

دووەم: ئەو کەسە چەند پەشێو بوو کەبەختی رەشی خستبوویە تەنیشت تابلۆکەوە، نەیدەتوانی بجوڵێت لەترسی ئەوەی نەبادا جارێکی تر تابلۆکە بکەوێتەوە خوارەوە.

(دەنگەکانیان پتر یەکدەگرێت..وتەکانیشیان زیاترو زیاتر دەچنە نێو یەکتریەوە، دروست وەك ئەوەی هەریەك کەس بن..)

یەکەم: هەمووانمان نەماندەتوانی هەناسە بدەین.

دووەم: هەندێکمان لێ خنکا.

یەکەم:هەندێکی تر لەژێر پێیەکاندا مردن.

دووەم: لەژێر هاواری گەورەکەیاندا کەپەنجەکانی کوڵ بوون تەرمی ئەو کەسانەیان دەبردە دەرەوە

یەکەم: لەگەڵ ئەوەش کەمەرگی ئەو کەسانە ئەوپەڕی ئازارو ناڕەحەتی بوو،

دووەم: بەڵام رەحمەتێك بوو بۆ زیندووەکانی تر

یەکەم: چەندە ژمارەیەك لەمردووەکانیان دەبردە دەرەوە،

دووەم: هێندەش جێگاکە فراوانتر دەبوو.

یەکەم: هەروەها هۆیەکیش بوو بۆ دەرگا کردنەوە

دووەم: هەندێ لەهەوا خراپ بووەکەی ناوەوەش دەگۆڕا.

یەکەم: زۆرجار چاوەڕێ بووین دەرگاکە بکرێتەوە

دووەم: تەنانەت ناوەوەش بۆ مەرگ، یان بۆ لەسێدارەدان بانگی دەکردین.

یەکەم: هەوا لەژیان بایەخدارتر بوو.

دووەم: ئامادەبوویت ژیانت بەشنەبایەك بگۆڕیتەوە.

یەکەم: لەشەمەندەفەری مەرگدا بووین.

دووەم: بەڵام ئەمجارەیان شەمەندەفەرەکەمان لەجێگایەکی نادیاری کەس نەزاندا وەستاوە.

یەکەم: هەرکە کەسە پەنجەکۆڵەکە دەهاتە ژوورەوە، لەگەڵیدا کەسانێکی روو داپۆشراو دەهاتنە ژوورەوە تاکو بەپەنجەکانیان ئاماژەمان بۆبکەن.

دووەم: لەو کاتەدا پەنجە کۆڵەکە هاواریدەکرد، لەسێدارەدان.

یەکەم: ئەو کەسانەی ئاماژەیان بۆ کرابوو دەبرانە دەرەوە، لەگەڵ هاوارکردنەکانیشدا لێدان‌و دەنگی تفەنگەکان تێکەڵ دەبوون.

دووەم: پاش کەمێك... نزیك لەخۆمانەوە گوێمان لەدەنگدانەوەی تەقینی فیشەکەکان دەبوو کەلەیەك کاتدا لەچەند تفەتگێکەوە دەردەچوون.

یەکەم: هاوارەکە دەوەستا... بێدەنگیەکی ترسناك بەدوایدا دەهات... ئەوە بێدەنگی مەرگ بوو.

دووەم: لەگەڵ بێدەنگی روخسارە گرژو ترساوەکانیشمان..ئەو بێدەنگیەی کەبیرکردنەوەکان لەلای دەوەستن، تەنانەت بیرکرددنەوە لەهەواش.

یەکەم: دوای ئەوەی فیشەکەکانیان دەتەقاند، دەگەڕانەوە لامان بۆ ئەوەی ئاماژە بەکەسانی تر بدەن.

دووەم: رۆژێك بەسەربوونماندا تێپەڕی..

یەکەم: دوو رۆژ،

دووەم: سێ..

یەکەم: لەیەکتریمان دەپرسی،

دووەم: هەستی ئازایەتیمان لای یەکتر دروستدەکرد.

یەکەم: تەنها نەبوون لەروخسارەکاندا دەدرەوشایەوە.

دووەم: بێدەنگیەکان یەکیاندەگرت.

یەکەم: پێداگر لەسەر ئارەزووی مەرگ بۆ رزگاربوون لەو دۆخەی ئێمەی تێدا بووین.

دووەم: جگە لەئێمە کەس نەمابوو.. جێگاکە لەهەزاران کەس خاڵی بووەوە..

یەکەم: فراوانی جێگاکە بووە هۆی ئازارو نارەحەتی بۆمان، لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەتەسکی جێگاکەوە بوو.

دووەم: هەستماندەکرد لەبیابانێکی بێسنوردابین.

یەکەم: ترس هەموومانی لەگۆشەیەکی تەسکدا کۆکردبووەوە.

دووەم: دەرگا کرایەوە،

یەکەم: کەسە پەنجە کۆڵەکە هاتە ژوورەوە.

دووەم: بەڵام ئەمجارەیان تەنها پاسەوانەکەیی لەگەڵدابوو، بەبێ ئەوانەی ئاماژەیان بۆ دەکردین..

یەکەم: وتی..

دووەم: ئێوە..

یەکەم: بێدەنگی‌و چاوە چاودێرەکانمان وەڵامیاندەدایەوە.

دووەم: چیمان لێدەکەن؟!

یەکەم: تەنها ئێوە ماونەتەوە کەتائێستا براکانتان ئیعترافیان لەسەر نەکردوون، ئیعتراف لەسەر هەموو ئەوانەی تر کراو سەرەنجامەکەیان مەرگ بوو، ئیعترافی ئەوانی دیکە بەجێی ئیعترافی خۆتانە... بەڵام ئەمە مانای وانییە ئێوە بێتاوانن، بەڵکو مانای وایە تائێستا دانتان بەهیچدا نەناوە.

دووەم:پاشان وتی..

یەکەم: بۆیە بڕیارمانداوە بەزیندوویەتی بتانخەینە ژێر گڵەوە

دووەم: لەو ساتەدا ئەوانی دیکە ترنجاندبوومیانە گۆشەکەوە.

یەکەم: پەنجەی بەرەو من درێژکرد.. بەگاڵتە پێکردنەوە گوتی.

دووەم: تۆ..

یەکەم: دەمویست بڵێم بەڵا، یان هەر وشەیەکی تر، بەڵام هیچ دەنگێکم لەقوڕگمدا نەبینیەوە.. بەدوایدا گوتی..

دووەم: بۆچی خۆت دەترنجێنیتە ئەو گۆشەیەوە، تەنها کەمێك ماوەو دەتخەینە ژێر خاکەوە..

یەکەم: خۆی پێکەنی‌و پاسەوانەکەشی پێکەنی،

دووەم: شێوەی روخساری خۆی گۆڕی، زیاتر توندوتیژ بوو و هاواری بەسەر پاسەوانەکەیدا کرد:

یەکەم: بیانبەن..

دووەم: هەموو گیانمان هاتە لەرزین.

یەکەم: هەندێکمان لەهۆش خۆ چووین.

دووەم: دوای ئەوەی بەحەبل بەستینیانینەوە بردینیان..

یەکەم: بردینیانە جێگایەکی کراوە.

دووەم: شوفێری شۆفلەکەی بانگکرد...

یەکەم: گوێمان لێبوو فەرمانی پێدەدا هەروەك ئەوەی بڕیارەکەی بۆ ئێمە دووپاتبکاتەوە:

دووەم: بەزیندوویەتی بیاننێژە، ئەوانە تەنانەت شایستەی ئەو فیشەکانەش نین تیایاندا بەفیڕۆی بدەین،

یەکەم: لەبەرچاوماندا،

دووەم: چاڵێکی گەورەیان هەڵکەند،

یەکەم: هەموومانیان تێکرد.

دووەم: لەو ساتەدا، بەختم هەبوو،

یەکەم: حەبلەکە لەدەستم کرایەوەو ئەوان نەیانبینی،

دووەم: خۆڵ پێداکردنمان دەستپێکرد.

یەکەم: دیسان بەخت یاوەرم بوو.

دووەم: کاتێك پارچە گلێکی پێکەوە بەستراوی وەك بەرد بۆ تەنەیشتم کەوتە خوارەوە، هەرچەند ئەگەر کەمێك خۆم لانەدایە دەیکوشتم.

یەکەم: زیاترو زیاتر خۆڵیان دەکرد بەسەرماندا.

دووەم: بەڵام ئەو گڵە شێوە بەردە بەربەستێکی دروستکردبوو لەنێوان منو زیاتر کەڵەکەبوونی خۆڵەکەدا، لەگەڵ ئەوەی هەموو جەستەم ژێر خۆڵ کەوت.

یەکەم: هەر ئەو بەردە رێگربوو لەبینرانم لەلایەن خاوەن شۆفلەکەو تفەنگ بەدەستەکانەوە کەلەلاکەی ترەوە بوون.

دووەم: بەردەکە کەلەبەرێکی بەجێهێشت.

یەکەم: دەمتوانی لێیەوە بەئاسانی هەناسەبدەم.

دووەم: شوفێری شۆفلەکەو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، دوای ئەنجامدانی کارەکەیان زۆر بەپەلە بوون.

یەکەم: هەموویان ئەو جێگایەیان بەجێهێشتو بەرەو بارەگای پەنجە کۆلەکە رۆیشتن، رەنگە بۆ وەرگرتنی فەرمانی دیکە بوبێت...

دووەم: پاش ئەوەی دوورکەوتنەوە.

یەکەم: سەرم بەرزکردەوە..

دووەم: پاشان دەستی راستم لەژێر خۆڵەکە دەرهێنا.

یەکەم: سەرکەوتوو بووم.. دەستم بەلابردنی خۆڵەکە کرد لەسەر دەستەکەی ترمو بەشەکانی تری جەستەم.

دووەم: وردە وردە لەو خۆڵە رزگاردەبووم کەلەبچەی کردبووم.

یەکەم: هاتمە دەرەوە.. هەوڵمدا خۆڵ لەسەر ئەوانی دیکەش لابەرم،

دووەم: هەوڵمدا بەڵام کات تێپەڕی بوو.

یەکەم: هەموان مردبوون..

دووەم: تەنها من نەبێت.

یەکەم: دوای ئەوەی تاریکی داهات ئەو جێگایەم بەجێهێشت،

دووەم: ئەو ئاراستەیەم هەڵبژارد کەهەتا چاو بربکات رووناکی لێ نەبوو،

یەکەم: هەموو ئەو ماوە دوورەم بری،

دووەم: تاگەیشتمە ئێرە...

یەکەم: (بەرەو یەکەم روو وەردەچەرخێنێت) هێی؟! بەڵام ئەوە منم...

دووەم: (بەوریاییەوە بۆ وتەی دووەم) نەخێر منم..

یەکەم: ئەی من؟!

دووەم: تۆ کێیت؟

یەکەم: (بەسەرسورمانێکی زۆرەوە) تۆ .. تۆ کێیت؟

سەرچاوە: مجلة الثقافة الجديدة، عدد ٢٩٣

# هونەر لەچاوەڕوانی، دا

# فریادڕەس

فریادڕەس